[ sorani ]

شارەوانی ئۆسلۆ
بەڕێوەبەرایەتی پەنابەران و کۆچەران





پرۆگرامی پێناساندن

پرۆگرامی پێناساندن

Lobo Media 29184

**بەڕێوەبەرایەتی پەنابەران و کۆچەران**
**پەیوەندی کردن**

پەیوەندی بکە بەو ناوچەیەی کە تێیدا دەژی
ئەگەر پرسیارت هەبوو.

**02 180**

Bydel Gamle Oslo
Bydel Grünerløkka
Bydel Sagene
Bydel St. Hanshaugen
Bydel Frogner
Bydel Ullern
Bydel Vestre Aker
Bydel Nordre Aker
Bydel Bjerke
Bydel Grorud
Bydel Stovner
Bydel Alna
Bydel Østensjø
Bydel Nordstrand
Bydel Søndre Nordstrand

Oslo kommune
02 180
én kommune - ett telefonnummer

زانیاری زیاتر دەتوانیت بەدەست بهێنیت لە/

**www.velkommenoslo.no**
**www.oslo.kommune.no**
**www.udi.no**



ئامانجی پرۆگرامی پێناساندن ئەوەیە کە تۆ بەزووترین کات کار بەدەست بهێنی یان دەست بە خوێندن بکەیت، شارەزای کۆمەڵگای نەرویجی ببیت و سەربەخۆیی ئابووری بەدەست بهێنیت.

## پرۆگرامی پێناساندن چی یە؟

لە ڕێ ی پرۆگرامی پێناساندنەوە فێری زمانی نەرویجی دەبیت، ئەزموونی کارکردنت لە نەرویجدا پێدەدرێت لەگەڵ کۆرسی جۆراو جۆردا.
پرۆگرامەکە دەوامی تەواوەو بۆ ماوەی دووساڵ مافی مووچە وەرگرتنت دەبێت.

## پیلانی تاقە کەسی چی یە؟

لێپرسراوی تۆ لە ناوچەکەتدا هاوکاریت لەگەڵ دەکات بۆ دانانی پیلانێکی تاقەکەسی لەو کاتەی کە تۆ بەشداری ئەم پرۆگرامە دەکەیت. پیلانی تاقەکەسی ڕوونکردنەوە دەدات سەبارەت بەو چالاکیانەی کە پێویستە ئەنجامی بدەیت بۆ فێربووونی زمانی نەرویجی و بەدەست هێنانی کار یان دەست بە خوێندن کردن.
پیلانەکە لەگەڵ پێداویستی و پیلانی پاشەڕۆژت ئەگونجێ.

## پرۆگرامی پێناساندن بە کێ دەدرێت؟

پەنابەرێ کە تەمەنی لە نێوان ١٨ بۆ ٥٥ ساڵ بێت،
دانیشتووی ئۆسلۆ بێت لە دوای ١. ٩ . ٢٠٠٣ وە، مافی پێدانی پرۆگرامی پێناساندنی بە شێوەیەکی ئاسایی پێ ئەدرێت.
ئەوکەسانە دەبێت لەڕێ ی ڕێکەوتنی نێوان بەڕێوەبەرایەتی بێگانەو شارەوانیەوە نیشتەجێ کرابن.

## بەشدارەکان دەبێ بارودۆخیان وەك:

- پەنابەری سیاسی هێنراو
- پەنابەری سیاسی
-کەسانێك کە پەنابەری ئینسانی بن
- کەسانێك کە مافی پاراستنی گشتیان پێدراوە
- ئەو کەسانەی کە یەکیان گرتبێتەوە لە گەڵ ئەم گروپانەی ناوبراو لە سەرەوە کە کەمتر لە پێنج ساڵ نیشتەجێ بوونە.

## ئەرکی ناوچەکان

کەسی لێپرسراو لە ناوچەکەتدا لە ڕێ ی گفتوگۆکردن لە گەڵت، هەڵدەسێت بە دەست نیشانکردنی ئەو چالاکیانەی کە یارمەتی دەردەبێت بۆ گەیشتنت بە ئامانجەکانت.

## ئەرکی سەرشانی تۆیە کە:

- هاوکار پێشان بدەیت سەبارەت بە ناوەرۆکی پیلانەکە.
- پیلانەکە ئەنجام بدەیت.

